## وەفیق سامەڕایی ئەندازیاری ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆساید شایانی سزای گرانە لەپای تاوانەکانیدا،واز لەڕوسپیکردنەوەو پشتیوانی ئەم تاوانبارە بێنن ! .

سامەڕایی تاوانبار بەتاوانی هەڵەبجەو ئەنفال ،ئەندازیار لە ئینسان کوژی و پلانی تاوانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا، تاوانەکانی هێندە زەقن ئەستەمە لە بیرو هۆشی خەڵکی کوردستان و عێراق بچنەوە،بەرپرسی دەزگای هەواڵگری ڕژێمی بەعس و خاوەنی چەندین پۆستی سەربازی و ئیستخباراتی گرنگ لە ڕژێمی بەعسدا کە هەموو کەس دەزانێت ئەو پۆستانە بە ئەنجامدانی تاوانی گەورەو کوردکوژی و ئینسان کوژی و لەپای دڵرەقی و تاوانەکانی وەک ئەنفال و تەعریب و تەبعیس و تەهجیری خەڵکی بێتاواندا بەدەست هاتوون، پرۆفایلی سامەڕایی زۆر دیارو ئاشکرایە هەموو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی وەک ڕاپۆرتەکانی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ دەربارەی عێراق و ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و دۆکومێنتەکانی بەردەست ئەوەدەردەخەن!، تابەعس لە هێزوتواناکانی نەکەوتبوو یەکێک لەقەمە خوێناویەکانی ڕژێمی بەعس بوو،دواتر لەپێناوی دەسەڵاتی زیاتردا بەرەی ئەمریکای هەڵبژارد،بۆئەو دەسەڵات و هێز لەکوێبێت ئەو لەوێیە و لەوێ بووە،تاوان و خوێن ڕێژی ئەم تاوانبارە لەدوای ڕوخانی ڕژێمەوە و لەگەڵ دەرکەوتنەوەی لە مەیدانی دەسەڵاتدا لەعێراق و لەپاڵ دەستی سەرۆک کۆماری عێراقدا گەورەترین ئیهانەو ناڕەوایی بوو بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و قوربانیەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا .

چاک چەندین جار لەئاست ئەم تاوانبارەداو لەبەرانبەر بەرگری دەسەڵاتدارانی کورد بەسەرۆکی کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشەوە دەنگی هەڵبڕیوەو دژی شەفاعەت و دەستێوەردانەکانیان بووە لەکارەکانی دادگای باڵای عێراق و هەوڵدانیان بۆ سپیکردنەوەی ڕووی ئەم تاوانبارانە،بەداخەوە دەسەڵاتدارانی کورد کەبەخوێنی خەڵکی کوردستان و هەڵەبجەو ئەنفال کورسیەکانی حوکم و بەشداری دەسەڵاتیان دەستکەوتووە بۆ جاری چەندەمینە کە پشت لەخەڵکی کوردستان و قوربانیەکانی بوونە پشت و پەنای ئەم تاوانبارەو تاوانبارانی تری وەک خەزرەجی ولیستێک لە مەفرەزەخاسەکان و جاشە تاوانبارەکان.

سامەڕایی تاوانبار لەپای داواکردنی لەلایەن دادگای باڵاوەو تاوانبار بینینی لەماوەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەی لەگەڵداکراوە و چاک لەوەش ئاگادارە کە دەسەلاتدارانی کورد دەوریان بووەو هەوڵیانداوە کەناوی لەلیستی تاوانبارانی ئەنفالدا بێتە دەرەوەو،بەڵام دادگای پێداچوونەوە داوای لێکۆڵینەوەی نوێ و زیندانی کردنی تاوانبار دەکات، بەوهۆیەشەوە وازی لەپۆستی ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراق هێناوە،بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار خوازیاری ئەوەیە کەتاوانبار لەدەستی ڕاستیدا ولەژێربالّی خۆیدابهێڵێتەوە .

چاک لەداهاتوودا هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆسزادانی ئەم تاوانبارەو سەرجەم تاوانبارانی کوردو غەیرەکورد خستۆتەگەڕو خوازیاری داگایەکی عادیلانەبووە بۆ سەرجەم تاوانباران. چاک هەمیشە تێکەولێکەو ڕیکەوتنە سیاسیەکان و هەرجۆرە لێبوردنێکی سەرودەسەڵاتی خەڵک و داندگادانپێدراوە ناودەوڵتیەکانی ڕەتکردۆتەوەو،لەبەرەی قوربانیەکانداو بۆئامانجی (تاوانباران هەرپلەو مقام و قومیەت و دینێکیان هەبێت دەبێت تاوانەکانیان ساغبکرێتەوەو، و

سزاکانیان وەربگرن و قوربانیەکان و کەس و کاریان دەبێت قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە، ئەرکی دەستبەجێی حکومەتی هەرێم وعێراقە کەهەوڵی جدی بۆ چاککردنی باری ژیان و گوزەرانیانبدەن و،لەولای تریشەوە دەرگاکان بۆلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بکەنەوەو بەهیچ جۆرێک و لەژێر هیچ بیانوویەکدا دەستنەخەنە کاری دادگاکانەوە).

چاک دەسەڵاتدارانی کوردو عێراقی هوشیاردەکاتەوە،کەدەست لەباڵی ئەم تاوانبارانە بەردەن و وازلە بەرگری وپلەپێدان و خزمەتکردنیان بێنن ،ئەمانە بەتاوانێک دەستیان سورە، کەهیچ دادگایەکی ستانداردو جیهانی ناتوانێت نەک تەنها لەتاوانباران بەڵکو لەوانەش کەهاوکار و هاوسەنگەرن لەگەڵیاندا چاولەئاستیدا دابخات، تاوانبارانی بیانی وەک بازرگانی هۆڵەندی فرانس ڤان ئانرات سزای 17 ساڵ زیندانیان تەنها لەپای بازرگانی بە ماددە کیمیاویەکانەوە وەرگرت کەجینۆسایدی خەڵکی کوردستانیان پێکراوە ،دەبێت ئەندازیاران و نەخشەدارێژەران و جێبەجێکەرانی تاوانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و سامەڕایی و خەزرەجی وتاوانبارانی کوردو موستەشارو جاشەتاوانبارەکان چەندو چی بێت ؟!.

چاک هەموو توانای خۆی لەناوخۆ و دەرەوە دەخاتەگەڕ دژی سەرجەم تاوانباران و، خوازیاریشە کە سەرجەم خەڵکی کوردستان و هەموو ناوەندە ئینسانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیریەکان و هەر ئینسانێکی ئازادی خواز لەبەرانبەر ئەم ناعەدالەتیە دەنگ هەڵبڕن،کۆمەڵگای ئازاد و مرۆڤانە بەدەرلەم خوێنخۆری تاوانبارانەو،لەسەر بنەمای یاسای هەموو هاوشێوەو یەکسان لەبەرانبەر یاسادا دێتەدی.

ناوەندی چاک
2008/6/18
www.chak.info
chak.org@gmail.com